# پارانەوە لە مەعبەدی حیزبی کوردیدا بۆ هەڵەبجە ؟

ئاسۆ عەبدوللەتیف

رەنگە بوبێت بە جۆرێك لە عەیبەو شەرمنی جارێکی تریش خەڵکی هەڵەبجە لەیادەوەری کۆست کەوتنیدا دەست بکەنەوە بە پارانەوە لە مەعبەدی حیزبی کوردیدا تا شارەکەیان بێتەوە بەشاری کوردی و دەست پان بکەنەوە تا جادەیەکی باریك قیرتاو بکەن و دوو خانو دروست بکەن و دەخانوش بەناوی شەهیدانەوە لف بدرێت بۆ ئەم و ئەو؟! ئەو گوتاری داواکردنە ئیدی ئەبێت دەستکاری بکرێت لە داواکردنەوە بۆ دادگایکردنی ئەوانەی کە وادەو بەڵێنەکانیان نەبردەسەرو دڵنیام ئەمساڵیش وتاریان ئەبێت بۆ وەعدو بەڵێنی دیکە،چونکە ئیدی هەم سلێمانەییەکان و هەم هەولێریەکان و هەم کۆیی و کەلاری و رانیەییەکان گاڵتەمان پێئەکەن بەوەی بەداخەوە ئەمساڵیش کە دێینە ئەم شارە دواجار وەکو پارو پێرارەو هیچ نەگۆراوەو تەنانەت ناتوانین بۆ شەوێك سەرخەوێك لای هەڵەبجەیەکان بشکێنین چونکە هەر وێرانەیە لەچاو ئاوەدانی ئەو شارانەی کە خۆشبەختانە بێکارەساتن هیچ نەبێت لە وێرانەی خانوودا،باشە ئەوە هەڵەبجە بۆ شوێنی دروستبون و حەوانەوە و بارەگای چەندین حیزب و رێخراوی سیاسی تیا ئەبێتەوە بەڵام تائێستا هەڵەبجە بێ ئوتێل و بێ گالێری و هۆڵ وبێ تەلارە؟ کەس پرسیویەتی ئەو بەڵێنانەی کە ئەدرێن و وەکو بروسکە لە رۆژنامەکاندا باس ئەکرێت کەچی وەکو کیسەڵیش رێ ناکەن؟ بۆئەوەی دوچاری ئیشکالیەت نەبین لەگەڵ ئایدۆلۆژیای حیزبی کوردیداو کەمێك شەفاف قسەکانمان بکەین دەشێت ئەمساڵ جیا لە ساڵانی رابردوو یادەوەریەك وەبیر بخەینەوە کە هەڵەبجەیە و بە هیچ شێوەیەك تێکەڵی نەکەینەوە بە یادەوەری حیزبی کوردی، وە ئەبێت ئیتر خەڵکی بەشەرەف و لێقەوماوی هەڵەبجە ئەو مەعبەدە حیزبیە تێك بشکێنن کە چەندین ساڵە سوجدەی بۆ ئەبەن ؟!وردبونەوە لە هەر کەلاوەو شەقامێکی کلۆری هەڵکەندراو دنیایەك خەمساردیی سەرکردەو لێپرسراوە هەڵەبجەیەکانمان بیر ئەخاتەوە، دەشێت لێرەدا پێکدادانێکی یادەوەریمان بۆ بخوڵقێت کە حیزب لە خۆیدا رەنگرێژی ئەکات و دواجار کارەساتی هەڵەبجەمان بچوك ئەکاتەوە لە چاوە حیزبیەکاندا.

لە پێشدا نابێت ئەمساڵ بە هەبوون و پێدانی پۆستێکی کاتی سیادی لە عێراقدا هەڵەبجە وەکو کارەساتێکی گەورە بکرێتە قوربانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و موجامەلاتی ئیقلیمی،حەقە ئیتر بزانین هەڵەبجە لە بەغداد چی داوا ئەکات و ئایا ئەمانەوێت صەدام و عەلی کیمیایی دادگایی بکەین؟ سیحری شانازیکردن بۆ پۆستێکی گەورەو جێنتڵمان کە هەمو تەمەنی یانزەمانگە نابێت یادەوەریەکی تەئریخی کولتوریانەی رەمزییمان بیر بباتەوە، ئەمە وێسگەیەکی ژیانی سیاسی ئێمەیەو ناکرێت نەتوانین دەست بوەشێنین و لەو یانزە مانگەدا بێ پرۆژە بین، ئاخر گریانی ئەمساڵ بۆ هەڵەبجە جۆرێکە لە بێ پرۆژەیی، داواکردنی ئاوەدانی جۆرێکە لە بێ پرۆژەیی، پرۆژە ئەوەیە ئەمساڵ نوێنەرانی هەڵەبجە فیستیفاڵ بەرنە بەردەم زیندانیەکەی سەدام و پیاوەکانی ولەوێندەر قسەی خۆیان بکەن تا سەرجەم میدیاو کەناڵە جیهانیەکان بزانن کورد کارەساتێکی هەیەو لە بیری ناکات .

ئەبێت ئەمساڵی شانزەی سێی هەڵەبجە گواستنەوەی ماناکانی کارەسات بێت لە ماناو تێگەشتنێکی حیزبی و ئایدۆلۆژییەوە بۆ مانایەکی دەوڵەتیانە، بە مانایەکی تر گۆرینی روئیایەکی خێڵەکی و لۆکاڵیانە بۆ بەرجەستەکردنی روئیایەکی شاریانەی مۆدێرن و گلۆباڵ کە بە یاساو دەستورە دەوڵەتیە نەگۆرەکان بەگشتی بکرێن و یاسارێژیان بۆ بکرێت تا لە میتافۆرێکی زمانیەوە بیانکەینە سەرمایەیەکی بەنرخی نەتەوەیی و چیتر تراژیدیاکانی وەکو هەڵەبجەو ئەنفال قەتیس نەبێت لە ناو زمان و یادەوەری بریندارى خۆمان و لەناو ئەدەبیاتە سواوە حیزبیەکاندا وەك هەمووومان ئەزانین هێشتا کارەساتی کوردی لە قاڵب و گوتارێکی عاتیفیانەدا ئەسورێتەوە و هێشتا ئەوە زمان و گریان و سۆزە کە ناهێڵێت بیر بچنەوەو بەرواری شانزەی سێ ئەهێنێتە قسە نەك یاسایەکی دەوڵەتیانە،هەروەك چۆن ئەو قسەکردنە زیاتر قسەکردنی جوزئی بوەو مانای حەقیقیانەی خۆی پێنەدراوە، هەروەك چۆن جووەکان هۆلۆکۆست و یابان هێرۆشیماو ناکازاکی و ئەرمەنستان قەتڵوعامی ئەرمەن لەلایەن تورك و عوسمانلیەوە لەبیرناکەن و لە وڵاتی خۆیاندا کردویانەتە یاساو بەبەندی قانونیانە بەرجەستەی ئەکەن و لە هەموو جیهانیشدا وەك رەمزو سومبول تەماشایان ئەکرێت و هەر ساتەوەختێك لە باریدا هەیە کە خۆی نمایش بکات و وەکو کارەساتێکی زیندوو سەرمایەگوزارییان پێوە بکرێت، لێرەوە ئەو ئەرکەی کە دروست ئەبێت وەگرنگە کاری بۆ بکرێت بە سومبولکردنی ئەو کارەساتانەی کوردە ئەمەش پێویستی بە پرۆژەی نەتەوەیی هەیە،پرۆژەیەك لە یەك کاتدا پێمان ئەڵێت ئێمە کاتێك کار بۆ عێراقی یەکگرتوو ئەکەین ئایا لە بەغداش پەیامێکی ستراتیجی هەیە کە گوتاری کوردی تۆخ بکاتەوە تا ئاستی خۆناساندن بەو شەقامە عەرەبیەی کە تائێستاش نایەوێت کارەساتی کیمیاییبارانکردنی هەڵەبجە بخاتە ئەستۆی بەعس ومەهزەلەو گاڵتە ئەکات بە رێژەی قوربانیەکان ؟! لەبەر ئەوەی تائێستا ئەو کارەساتانە نەبونەتە دیکۆمێنتارو نەچەسپیون لە گوتارو ئەجێندایەکی دەوڵەتیدا و ئەم کارەش گەر وابمێنێتەوە ئەوا کاراییەکەی تا سەر روپەری رۆژنامەیەك کارناکات و هەموو لەحزەیەك شایانی بیرچونەوەن و ئەهلی کارەساتباری هەڵەبجەو تەنانەت کوردیش جگە لە لاپەرەیەك لە گریان و فیستیفاڵێکی حیزبیانەی ساڵانە چیتر نیەو نابێ و لەمەشدا تەنها حیزب و دەسەڵاتی کوردی مەحکوم و تاوانبارە ، ئاخر لەم فیستیفاڵانەشدا ئەوەندەی سەرکردە حیزبیە بەڵێن بیرچووەکان ئەبینرێن و وتارو دروشمیان هەیە ئەوەندە بریندارو بەجێماوێکی قوربانی قسەی نیە، چونکە لەلایەك یادەوەریەکانی ئەم کارەساتانە ئەوەتان لە زارو بیری شەفەهیانەی نەوەیەك لە سیاسی و سەرکردەی دەستنەرۆشتودا کە بەپیربوون و نەمانیان خۆبەخۆ یادەوەریەکانیش لە ناو ئەچن ، ئاخر لەم

بەدبەختی و بێدەنگیەدا ئاخۆ کیٚ بەرپرسیاری سەرەکیە؟ ئەوانەی بەرپرسی دۆسیەی کارەساتی هەڵەبجەن و هەفتەی جارێك رێخراوێك یان گروپێك یان رۆژنامەو دەستەیەك دروست ئەکەن بۆ تۆکمەکردنی تەکەتولە حیزبی و ئایدۆلۆژیەکەیان کام پرۆژەیان بەدیاری هێنا بۆ هەڵەبجە، کوا بریاری بە پارێزگاکردن ؟ کوا زانکۆ لەم شارەدا؟ کوا پرۆژەی ئاوی ئەحمەدئاوا ؟ کوا چاککردنەوەی شەقامەکان؟ کوا کورسی قوتابیانی هەڵەبجە لە زانکۆکانی ئەوروپاو ئەمریکا ؟ ئەی کوا هەڵەبجەی راستەقینە ؟ ئێستا کیٚ هەیە پێمان بڵێت ئەم شارە لە ململانێی رەوتی عیلمانیەت و ئیسلامیەتدا بەرەوکویٚ ئەروات؟ پاش ئیسلامیەکان کە شاریان کردبوە وێرانە کیٚ جڵەوی ئەم شارەی بەدەستە ؟ ئەی عیلمانیەکان توانییان ئەو وێرانەیە لەدۆزەخەوە بگۆرن بە بەهەشت ؟ یان لەم شارەدا شتێك هەیە پێی بوترێت ئیسلامی و عیلمانی ؟ یان وەهمەو ئەم ناونانە پاساوی نەتوانین و شکستی ئاوەدانکردنەوەی ئەم شارەیە ؟ ئەی کەس هەیە خۆی بەنوێنەری راستەقینە بزانێت؟ نازانم ببورن.